**سەنتەری چالاکی گەنجانی رانیە ، کۆریك  لە ژێر ناونیشانی"توووند وتیژی لە دژی منالان ،هۆکار و چارەسەر" بۆ ئازاد احمد بەرپرسی سەنتەری بەگری لە مافەکانی منالان لە عێراق، سازدەکات.**






سەعات 3:30 ئیوارەی رۆژی 12-06-2008 ، سانتەری چالاکی گەنجانی رانیە کۆریکی جەماوەری لەژێر ناونیشانی {توووند وتیژی لە دژی منالان ، هۆکار و چارەسەر } بۆ ازاد احمد بەرپرسی عێراقی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان ، ساز کرد ،کە زیاتر لە 100 کەس ئامادەی کۆرەکە بوون. سەرەتای کۆرەکە لە سەر داوای ئازاد احمد ، بە دەقیقەیەك وەستان بە بی دەنگی بۆ یادی مەستان و هەموو ئەو منالانەی کە قوربانی توووندو تیژین ،دەستی پی کرد. پاشان باسەکەی پیشکەش کرد کە لە چەند تەوەرەیەك پیك هاتبوو،بەم شیوەیەی خوارەوە :

1- لە سەرەتادا لە سەر مەسەلەی منال و تیروانینی کۆمەلگا بۆ منال ، وە هەروەها تیروانینی دروست بۆ منال لە روانگەیەکی ئینسانیەوە ، قسە وباسی کرد.

کە لەم بەشەیدا تەئکیدی لە سەر ئەوە کرد کە گرنگترین شت ئەوەیە کە منال وەك ئینسان سەیر بکریت و وەك ئینسان مامەلەی بکریت و مافەکانی بە تەواوی بۆ دابین بکریت و اعتباری بۆ دابنریت .

2- باسیك لە سەر توووند وتیژی ،شیوازەکان و جۆرەکانی توووند تیژی.

کە باسی ئەوەی کرد کە توووند و تیژی چەند جۆریك ئەگریتەوە کە بریتی یە لە توووند وتیژی جەستەیی و دەروونی و توووند وتیژی سیکسی .

3- هۆکارەکانی توووند وتیژی کە تیایدا باسی ئەوەی کرد کە هۆکاری سەرەکی بریتیە لەو سیستەمە سیاسی –ئابووری وکۆمەلایەتیەی کە لە کۆمەلگای کوردستان و عیراقدا وجودی هەیەو بی دەربەستی ئەم سیستەمە بەرامبەر بە منالان و مەسئولیەت لە خۆ نیشان نەدانی ، هۆکاریکی سەرەکیە لە توون د تیژی نواندن .

لە بەشیکی تردا کەلتوری کۆمەلگا ودین و نەبوونی هۆشیاری پیویست لە لایەن خیزان و تاکەکانی کۆمەلگاوە بەرامبەر بە منالان، وەك یەکیکی تر لە هۆکارەکانی توووند تیژی دایە بەر باس .

هەر لەم راستایەدا بەچەندین نمونەی زیندوو باسەکەی دەولەمەند کردو تاکیدی لەوە کرد کە لەبەر ئەوەی کە لیدان و سوکایەتی ودەست دریژی و کوشتن و خنکاندن و کارپیکردنی منالان لە کۆمەلگادا وەك تاوان حیساب ناکریت و ئەمە ریگە خۆشکەرە بۆ نواندنی توووند و تیژی بەکار هینان .

هەروەها هینانەوەی نمونەی سیستەمی کۆن ونازانستی و دواکەووتوی پەروەردە و باس کردنی لایەنە جۆراو جۆرەکانی و کاریگەری سلبی لە سەر منالان ، بەشیکی تری ئەم تەوەرەیە بوون .

4- تەوەرەی کۆتایی بریتی بوو لەریگاکانی چارەسەر وکەم کردنەوەی توووند وتیژی لە سەر منالان .

که لەم بەشەدا باسی ئەوەی کرد کە چارەسەر لە هۆکارەکانەوەیە وبۆ بەرگرتن لە توند وتیژی وکەم کردنەوەی ، پێویستە پێش هەموو شتێك لێدان وسوکایەتی و کارکردن وهەرجۆرە توند و تیژی نواندنێك بەرامبەر بە منالان وەك تاوان سەیر بکرێت و لە قانووندا بە تاوان بناسرێت و سزای خۆی هەبێت .

وە خالێکی تر بریتیە لەوەی کە دەولەت و کۆمەلگا مەسئولیەتی تەواو بەرامبەر بە منالان لە خۆی نیشان بدات وئەرکی بەخێو کردن و پاراستنی منالان بە ئەستۆوە بگرێت و مافەکانیان بۆ دابین بکات.

لە سەر لایەنەکانی تر وەك پرۆسەی پەروەردە وخێزان ودەوری خێزان و تاك و ...تاد ، بە رادەی پێویست رۆشن کردنەوەی دا .

دوا بەشی کۆرەکە بریتی بوو لە مداخەلەو سەرنج و تێبینیەکانی بەشدار بووان ، کە پرسیارو مداخەلەو سەرنجەکانیان و وەلامەکانی ازاد احمد باسەکەی دەولەمەند تر کرد .

کۆرەکە زیاتر لە 1:45 دەقیقەی خایاند وجێگای رەزامەندی ئامادەبوون بوو .

لە کۆتایی کۆرەکەدا لە لایەن ازاد احمدەوە، دوا {سی دی }هونەرمەند {چۆپی فتاح } یەکێك لە دۆستانی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان بە سەر ئامادەبووندا دابەش کرا ، کە ئەم {سی دی} یە لە لایەن هونەرمەندەوە بە دیاری پێشکەش کرا بوو بە سەنتەری منالان تا بە سەر دۆستان و لایەنگرانی سەنتەر و لە چالاکیەکانی سەنتەردا دابەش بکرێت .

ازاد احمد \ بەرپرسی عێراق

سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان

2008-06-12